**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە : ٢٥٥٠٠ لە ٢٠٢١/١٢/١٥**

## رێنمایی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢١
## رێنمایی پلە بەرزکردنەوەی ئەفسەران و دانانیان لە پایەکان

**ماددەی(١):** مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ئەو مانایانەی کە بەرامبەریان دیاری کراوە:-

١- **هەرێم:** هەرێمی کوردستان - عێراق

٢- **وەزارەت:** وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٣- **ئەفسەر:** پیاوی پۆلیس لە پلەی ملازم بەرەو سەرەوە.

٤- **هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ:** ئەفسەرو کارمەندان لەسەر میلاکی بەرێوبەرایەتییە گشتیەکانی پۆلیس، هاتووچۆ، رەگەزنامە، بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان، دیوانی وەزارەتی ناوخۆ و بەرێوەبەرایەتی گشتی ناوخۆ و فەرماندەیی پێشمەرگەی زێرەڤانی، فەرماندەیی پێشمەرگەی بەرگری و فریاکەوتن، بەرێوەبەرایەتی کاروباری پاراستنی دام و دەزگا نەوتییەکان.

٥- **لیژنەی باڵا:** لیژنەی باڵای پلە بەرزکردنەوەی ئەفسەران لە دیوانی وەزارەتی ناوخۆ.

٦- **فۆرمی هەڵسەنگاندن:** فۆرمێکی تایبەتە بە هەڵسەنگاندنی ئەفسەر لە ڕووی تواناکانی کارکردن، تەندروستی جەستەیی کە لە پاشکۆی ئەم رێنماییە لکێنراوە.

٧- **پەیمانگا:** پەیمانگای پەرەپێدانی ئەمنی و کارگێری وتەکنەلۆجیای زانیاری لەدیوانی وەزارەتی ناوخۆ.

**ماددەی(٢):**

مەبەست لە دەرکردنی ئەم رێنماییە رێکخستنی پلە بەرزکردنەوەی ئەفسەرانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە هەرێمی کوردستان لە رێگای پەیڕەوکردنی سیستەمێکی هەڵسەنگاندنی ستاندارد کە لە سەر بنەمایێکی زانستی بنیاد نراوە بە شێوەیێك ئەفسەر بگاتە ئاستێك کە شایستەی پلە بەرزکردنەوە بێت وە زیاتر بتوانێت خزمەتی هاووڵاتیان بکات لە سەر بنەمایێکی پیشەیی تەندروست.

### مەرجە گشتیەکانی پلە بەرزکردنەوەی ئەفسەران

**ماددەی(٣):** بۆ پلە بەرزکردنەوەی ئەفسەر لە پلەیەك بۆ پلەیێکی بەرزتر پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدا بێت:-

١-پێویستە لەو پلەیەی کە تێدایە ئەو ماوەیەی کە لە خوارەوە دیاری کراوە بەپێی ماددەی (٩) لە یاسای راژە و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٨) ساڵی ٢٠١١ی تەواو کردبێت :-





| ژ | پلە | ساڵ |
|---|---|---|
| ١ | ملازمی دوو بۆ ملازمی یەك | ٣ ساڵ |
| ٢ | ملازمی یەك بۆ نقیب | ٣ ساڵ |
| ٣ | نقیب بۆ رائد | ٤ ساڵ |
| ٤ | رائد بۆ مقدم | ٤ ساڵ |
| ٥ | مقدم بۆ عقید | ٤ ساڵ |
| ٦ | عقید بۆ عمید | ٤ ساڵ |
| ٧ | عمید بۆ لیوا | ٦ ساڵ |
| ٨ | لیوا بۆ فریق | ٦ ساڵ |

٢- پێویستە لە پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن کە لە فۆرمی پاشکۆی ئەم رێنماییە دیاری کراوە تێپەرێت.

٣- پێویستە ئەفسەر لە پلەی (ملازم تا رائد) لە تاقیکردنەوەی پلەبەرزکردنەوەی ئەفسەران کە بەشێوەی ئەلیکترۆنی ئەنجام دەدرێت دەربچێت.

٤- پێویستە ئەفسەر لە پلەی (مقدم تا لیوا) توێژینەوەیەکی زانستی لە بواری کاری خۆیدا ئەنجام بدات، کە وەك پێوەرێك بۆ لێهاتوویی (الكفاءة) بەپێی بڕگەی دووەم لە ماددەی (١٠) لە یاسای راژە و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠١١ دیاری کراوە.

٥- پێویستە لە ڕووی جەستەییەوە گونجاو بێت بە تایبەتی کێشی ئەفسەر کە دەبێت بەپێی ئەم هاوکێشەیەی خوارەوە بێت.

| | | |
|---|---|---|
| أ | لە پلەی ملازم بۆ مقدم : درێژی بە سانتیمەتر – ١٠٠ = | + (١٠) کیلۆ= |
| ب | لە پلەی عقید تا لیوا : درێژی بە سانتیمەتر – ١٠٠ = | + (١٥) کیلۆ= |

٦- پێویستە لە پشکنینی چاو بە (چاویلکە و بێ چاویلکە) دەربچێت.

### مەرجە تایبەتیەکانی پلە بەرزکردنەوە

**ماددەی(٤):**

**یەکەم : پلەی (لیوا بۆ فریق):**

١- دەرچووی کۆلیژی پۆلیس یان کۆلیژی سەربازی بێت یان بکالۆریوسی هەبێت.

٢- تەنها وەزیری ناوخۆ پلەی بەرزدەکرێت بۆ فەریق ئەگەر ئەفسەر بێت.

٣- پێویستە (٣) سێ توێژینەوەی زانستی لە بواری کاری خۆیدا نووسیبێت و ماوەی نێوان هەر توێژینەوەیێك ساڵێك کەمتر نەبێت و لە هەڵسەنگاندنی توێژینەوەکان سەرکەتوو بێت.

**دووەم: پلەی (عمید بۆ لیوا):**

١- دەرچووی کۆلیژی پۆلیس یان کۆلیژی سەربازی بێت یان بکالۆریوسی هەبێت.





٢- ئەم پۆستانە دەیانگرێتەوە:

أ. بەرێوەبەری گشتی.

ب. سەرۆکی دەستەی پشکنین.

ت. سەرۆکی دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ.

پ. سەرۆك یان ئەندامی دادگای پێداچوونەوەی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ.

ج. سەرۆکی داواکاری گشتی.

٣- پێویستە (٢) دوو توێژینەوەی زانستی لە بواری کاری خۆیدا نووسیبێت و ماوەی نێوان هەر توێژینەوەیەك ساڵێك کەمتر نەبێت و لە هەڵسەنگاندنی توێژینەوەکان سەرکەتوو بێت.

**سێیەم : پلەی (عقید بۆ عمید):**

١- دەرچووی کۆلیژی پۆلیس یان کۆلیژی سەربازی بێت یان دەرچووی ئامادەیی بێت بە گشت بەشەکان بە مەرجێك دەرچووی خولی ئەفسەرانی باڵا بێت.

٢- پێویستە پۆستی بەرێوەبەر بێت لە بەرێوەبەرایەتیەکانی (پۆلیس، هاتووچۆ، بەرگری شارستانی، پۆلیسی کارەبا، پۆلیسی دارستان و ژینگە، توندوتیژی، نشینگە، ڕەگەزنامە، کارتی نیشتمانی، پاسپۆرت، کارتی زانیاری) لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان، یان بەرێوەبەری بەرێوەبەرایەتی بێت لە بەرێوەبەرایەتیە گشتیەکان، ئەندام یان داواکاری گشتی بێت لە دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ، یان پشکنەر بێت لە دەستەی پشکنین، یان بەرێوەبەری کاروباری ناوخۆ لە پارێزگاکان یان ئیدارە سەربەخۆکان بێت .

**چوارەم : پلەی (مقدم بۆ عقید):**

١- دەرچووی کۆلیژی پۆلیس یان کۆلیژی سەربازی بێت یان دەرچووی ئامادەیی بێت بە گشت بەشەکان بە مەرجێك دەرچووی خولی ئەفسەرانی باڵا بێت.

٢- بەرێوەبەری بەش یان ئەفسەری هۆبە بێت.

**پێنجەم : پلەی (رائد بۆ مقدم):**

١- دەرچووی کۆلیژی پۆلیس یان کۆلیژی سەربازی بێت یان دەرچووی ئامادەیی بێت بە گشت بەشەکان بە مەرجێك دەرچووی خولی ئەفسەرانی باڵا بێت.

٢- ئەفسەری هۆبە بێت.

**شەشەم : پلەی (نقیب بۆ رائد):**

دەرچووی کۆلیژی پۆلیس یان کۆلیژی سەربازی بێت یان دەرچووی ئامادەیی بێت بە گشت بەشەکان بە مەرجێك دەرچووی خولی ئەفسەرانی باڵا بێت.

**حەوتەم : پلەی (ملازمی دوو بۆ ملازمی یەك و بۆ نقیب):**

دەرچووی کۆلیژی پۆلیس یان کۆلیژی سەربازی بێت یان دەرچووی ئامادەیی بێت بە گشت بەشەکان بە مەرجێك دەرچووی خولی ئەفسەرانی باڵا بێت.





### توێژینەوە و تاقیکردنەوەی پلە بەرزکردنەوە

**ماددەی(٥):**

**یەکەم: توێژینەوەی پلە بەرزکردنەوە :**

١- توێژینەوەی پلەبەرزکرنەوە بۆ ئەو ئەفسەرانەی کە دەیانگرێتەوە رەوانەی یەکێك لەو زانکۆیانەی کە ناویان لە بڕگەی (٣)ی ئەم ماددەیە دیاری کراون لە لایەن پەیمانگا بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی توێژینەوەکانیان و ناردنی دەرئەنجامی هەڵسەنگاندنەکەیان بۆ بەرێوەبەرایەتی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە لایەن پەیمانگا.

٢- پێویستە ئەفسەری توێژەر لە رێگای زنجیرەی پێداچوونەوە (٤) مانگ پێش خشتەی پلەبەرزکردنەوە توێژینەوەکەی رەوانە بکات بە مەبەستی ناردنی بۆ هەڵسەنگاندن، بە پێچەوانەوە مافی پلەبەرزکردنەوەی لەو خشتەیە دوا دەکەوێت بۆ خشتەی دواتر.

٣- توێژینەوەی پلەبەرزکردنی ئەو ئەفسەران رەوانەی ئەم زانکۆیانەی خوارەوە دەکرێت :-

| ژ | ناوی زانکۆ | ژ | ناوی زانکۆ |
|---|---|---|---|
| ١ | صلاح الدين | ٦ | سۆران |
| ٢ | دهۆك | ٧ | ڕاپەرین |
| ٣ | سلێمانی | ٨ | گەرمیان |
| ٤ | هەڵەبجە | ٩ | زاخۆ |
| ٥ | کۆیە | ١٠ | چەرمو |

٤- پێویستە توێژینەوەی ئەفسەر (٧٠%) کەمتر بە دەست نەهێنێت لە هەڵسەنگاندنی زانکۆ.

٥- فۆرمێکی تایبەت بە هەڵسەنگاندنی توێژینەوەی ئەفسەر لە لایەن پەیمانگا رێك دەخرێت وە هاوپێچی توێژینەوەکە دەکرێت بە مەبەستی تۆمارکردنی دەرئەنجامەکانی هەڵسەنگاندن لەو فۆرمەدا لە لایەن زانکۆ.

٦- پێویستە پەیمانگا توێژینەوەی پلەبەرزکردنەوەی ئەفسەران بە پۆستی نهێنی رەوانەی زانکۆ بکات دوای لابردنی ناوی توێژەر وە هەر ئاماژەیەك بە توێژەر لە ناو توێژینەوەکەدا وە بە پۆستی نهێنی دەرئەنجامەکەی وەربگرێتەوە .

٧- برێك پارە وەك کرێ هەڵسەنگاندن بۆ ئەو مامۆستایە کە هەڵسەنگاندن بۆ توێژینەوەکان دەکات خەرج دەکرێت بەپێی رێنماییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و وەزارەتی دارایی و ئابووری .

**دووەم : مەرجەکانی توێژینەوە:**

١- توێژینەوە نابێت لە (١٥) لاپەرەی(A٤) کەمتر بێت وە نابێت لە (٢٠) لاپەرە زیاتر بێت.

٢- توێژینەوە بە زمانی کوردی یان عەرەبی یان ئینگلیزی بێت.

٣- قەبارەی نوسینی توێژینەوەکە بۆ مەتن (١٤) بێت و بۆ هەوامش(١٢) .
٤- توێژینەوە لە بواری کار کردنی ئەفسەری توێژەر بێت.
٥- پێویستە سەرچاوەی زانستی بەکاربێنێت وەك (پەرتووك ، گۆڤاری زانستی ، سایتی ئەلیکترۆنی).
٦- پێویستە توێژەر ئاماژە بە سەرچاوەکانی بکات بە راست و دروستی بەم شێوەی خوارەوە:-
أ. ناوی پەرتووك یان گۆڤاری زانستی ، ناوی نووسەر ، ژمارەی چاپ ، شوێنی چاپ کردن ، ساڵ ، لاپەرە.
ب.سەبارەت بە سەرچاوەی ئەلیکترۆنی پێویستە ئاماژە بە ناوی توێژینەوە ، ناوی نووسەر ، ناوی سایت بە تەواوی ، بەرواری دواین سەردانی سایتەکە بدرێت.
٧- هەر ئەفسەرێکی توێژەر رەچاوی ئەو مەرجانەی ئەم بڕگەیە نەکات لە لایەن پەیمانگا دەگەڕێنرێتەوە وە دەرفەتی (١٥) رۆژی پێ دەدرێت کەم و کوریەکانی چارەسەر بکات.

**سێیەم**: لیژنەیەکی زانستی لە پەیمانگا پێك دێت کە لە (٣) ئەفسەر یان فەرمانبەر کە هەڵگری بروانامەی (ماستەر) کەمتر نەبن پێداچوونەوە بە توێژینەوەکان دەکەن بۆ دڵنیابوون لە جێبەجێ کردنی مەرجەکان لە لایەن ئەفسەری توێژەر .

## تاقیکردنەوەی ئەلیکترۆنی پلە بەرزکردنەوەی ئەفسەران

**ماددەی(٦):**

١- لیژنەیەکی زانستی پێك دێت بە سەرۆکایەتی ئەفسەرێك کە هەڵگری بروانامەی (دکتۆرا یان ماستەر) بێت و پلەی لە (عقید) کەمتر نەبێت بە ئەندامێتی (٤) ئەفسەر کە هەڵگری بروانامەی (دکتۆرا یان ماستەر) بن بۆ دیاری کردنی ئەو بابەتانەی کە پێویستن بۆ بەرزکردنەوەی توانای ئەفسەر و شیاندنیان بۆ پلەبەرزکردنەوە ، و دانان و پێداچوونەوە بە پرسیارەکانی تاقیکردنەوە.
٢- لیژنەی بڕگە (١)ی سەرەوە هەر (٦) مانگ جارێك کۆدەبێتەوە بۆ هەڵسەنگاندنی بابەتەکانی تاقیکردنەوەکە و زیادکردن یان کەمکردنی بابەتەکان ، و هەڵسەنگاندنی پرسیارەکانی تاقیکردنەوە و زیادکردن یان کەم کردنی پرسیارەکان.
٣- سێ لیژنە پێك دێت بۆ سەرپەرشتی کردنی ئەنجام دانی تاقیکردنەوەکان لە پارێزگاکانی (هەولێر و دهۆك و سلێمانی) کە لە (٥) ئەفسەر پێك دێت بە فەرمانێکی وەزاری و بۆ هەرخشتەیەکی پلەبەرزکردنەوە لیژنەکان دەگۆردرێن.

**ماددەی(٧):**

١- سیستەمێکی تاقیکردنەوەی ئەلیکترۆنی دادەمەزرێت لە بەرێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بە سوود وەرگرتن لە سیستەمی ئەلیکترونی تاقیکردنەوەی تیۆری مۆڵەتی شوفێری.





٢- پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی پلەبەرزکردنەوەی ئەفسەران بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەبێت بە شێوازی هەڵبژاردن (اختیارات).
٣- گشت پرسیارەکان و وەڵامەکان دەخرێتە سەر سایتی وەزارەتی ناوخۆ بە مەبەستی سوود وەرگرتنی ئەفسەران لە پرسیارەکان.

**ماددەی(٨):**

١- بۆ هەر تاقیکردنەوەیەکی پلە بەرزکردنەوە ئەفسەر دەبێت وەڵامی (٥٠) پرسیار بداتەوە لە ماوەی یەك کاتژمێردا و هەر پرسیارێك لەسەر (٢) نمرە دەبێت.
٢- دەرچوونی ئەنجامی تاقیکردنەوەکان لە هەمان شوێنی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان بەشێوازێکی ئەلیکترۆنی دەبێت لەسەر شاشەیەکی تایبەت بڵاودەکرێتەوە و دواتر دەنێردرێت بۆ بەرێوەبەرایەتی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە دیوانی وەزارەت.
٣- تاقیکردنەوەکە (٢) خولی دەبێت (خولی یەکەم /خولی دووەم) لە حاڵەتی دەرنەچوونی ئەفسەر دوای (٧) ڕۆژ دەچێتە خولی دووەم.
٤- ئەگەر ئەفسەر لە هەر (٢) خولی تاقیکردنەوە دەرنەچێت ئەوا بە سەرنەکەوتوو دادەندرێت و بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ پلە بەرزکردنەوەی دوا دەکەوێت.
٥- کونمرەی دەرچوون لە تاقیکردنەوە (٧٠%) دەبێت .

## دانانی ئەفسەر لە پایەکان

**ماددەی(٩):**

١- پلەی (لیوا) بەپێی ئەو مەرجانەی کە لەم رێنماییە دیاری کراوە دەبێت.
٢- پلەی (عمید) دەبێت لە پایەی بەرێوبەری یەکێك لە بەرێوبەرایەتیەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ یان بەرێوبەری بەرێوبەرایەتی یان ئەندام یان داواکاری گشتی لە دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ یان پشکنەر لە دەستەی پشکنین بێت.
٣- پلەی (عقید) دەبێت لە پایەی بەرێوەبەری بەش بێت لە یەکێك لە بەرێوبەرایەتیەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ.
٤- پلەی (مقدم) دەبێت لە پایەی بەرێوەبەری بەش یان ئەفسەری هۆبە بێت لە یەکێك لە بەرێوبەرایەتیەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ یان ئەفسەری بنکە یان نوسینگە بێت.
٥- پلەی (رائد) دەبێت لە پایەی ئەفسەری هۆبە بێت لە یەکێك لە بەرێوبەرایەتیەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ یان لە یەکێك لە بەرێوبەرایەتیە گشتیەکانی وەزارەتی ناوخۆ یان ئەفسەری بنکە یان نوسینگە بێت.





٦- پلەی (ملازم تا نقیب) هیچ پایەیێك لە ئاستی بەرێوبەرایەتی یان بەش یان هۆبە وەرناگرێت تەنها وەك ئەفسەری پۆلیس لە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ یان بەرێوبەرایەتیە گشتیەکان یان وەك ئەفسەری لێکۆڵینەوە خزمەت دەکات.
٧- هیچ ئەفسەرێك لە دەرەوەی ئەو بڕگانەی ئەم ماددەیە بە وەکالەت دانانرێت.

**ماددەی(١٠):**

١- لە کاتی چۆڵ بوونی پایەیێك لە وانەی کە لە ماددەی هەشتەم ئاماژە یان پێدراوە دەکرێت ئەفسەرێك بە وەکالەت دابنرێت بۆ پڕکردنەوەی ئەو پۆستە بە شێوەیێکی کاتی.
٢- پێویستە ئەو پۆستە یان ئەو پایەی کە بە وەکالەت پڕکراوەتەوە لە ماوەی (٣) مانگ پڕبکرێتەوە و کەسێکی شایستە بە شێوەیێکی هەمیشەیی دابنرێت لە لایەن ئەو لایەنەی کە ئەو دەسەڵاتەی هەیە.
٣- ئەگەر ئەو ماوەیەی کە لە بڕگەی دووەم دیاری کراوە تێپەڕبوو و ئەو پۆستە بە هەمیشەیی پرنەکرایەوە ئەوا وەزیری ناوخۆ فەرمانێك دەردەکات بە پڕکردنەوەی ئەو پایە لەگەڵ لێپێچینەوەی یاسایی لە کەمتەرخەم.
٤- ئەم ماددەیە پۆستی بریکاری وەزارەت و راوێژکار و بەرێوبەری گشتی ناگرێتەوە کە چەسپاندنیان لە دەسەڵاتی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانە.

**ماددەی(١١):**

١- ئەفسەران لەم ماوانەی خوارەوە لە پۆستەکانیان دەمێننەوە:

| ژ | پۆست | ماوە |
| --- | --- | --- |
| ١ | بەرێوەبەری بەرێوەبەرایەتی یان جێگری بەرێوەبەری گشتی | چوار ساڵ |
| ٢ | بەرێوەبەری بەش | دوو ساڵ |
| ٣ | ئەفسەری نوسینگەی (نەهێشتنی تاوان، بازرگانی کردن بە مرۆڤ، بەرنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان) | دوو ساڵ |
| ٤ | ئەفسەری هۆبە یان ئەفسەری بنکە | دوو ساڵ |

٢- داواکاری گشتی و سەرۆك و ئەندامانی دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بەدەرن لە بڕگەی (١)ی سەرەوە و لە کاتی پێویست بە فەرمانی وەزیر گۆرانکاریان پێ دەکرێت.
٣- پاڵپشت بە ڕاپورتی پشتگیری بەرێوبەری ڕاستەوخۆ وەزیر بۆی هەیە ئەو ماوانەی بڕگەی (١)ی سەرەوە درێژ بکاتەوە.





٤- لە هەر بەرێوەبەرایەتییێکی گشتی لیژنەییێکی تایبەت بە هەڵسانگاندن پێك دەهێنرێت بەپێی ئەو پێوەرانەی کە لە لایەن وەزارەتی ناوخۆ بەپێی ستاندەردی نێودەوڵەتیەکانی هەڵسەنگاندن دادەنرێت کە لە پاشکۆی ئەم رێنماییە دانراوە.
٥- دەرئەنجامی هەڵسەنگاندنی ساڵانەی ئەفسەران رەوانەی وەزارەتی ناوخۆ دەکرێت پێش کۆتایی ساڵ.
٦- پلە تایبەتەکان لە لایەن لیژنەیێکی تایبەت هەڵسەنگاندنیان بۆ ئەنجام دەدرێت و بە رێنماییەکی تایبەت لە لایەن وەزارەتی ناوخۆ رێك دەخرێت .

**ماددەی(١٢):**

١- ئەو ئەفسەرانەی کە مۆڵەتی خوێندیان وەرگرتووە بەپێی یاسا و رێنماییەکان پلەیان بەرزدەکرێتەوە لە پلەی (ملازم تا رائد/داخل) و دەبێت گشت مەرجەکانی پلە بەرزکردنەوە جێبەجێ بکەن.
٢- ئەو ئەفسەرانەی کە مولەتی خوێندنیان وەرگرتووە بەپێی یاسا و رێنماییەکان پلەیان بەرزدەکرێتەوە لە پلەی (مقدم تا عمید/داخل) و دەبێت گشت مەرجەکانی پلە بەرزکردنەوە جێبەجێ بکەن، و بە مەرجێك پێش دەست لەکار هەڵگرتنیان بە مەبەستی خوێندن پایەیان هەبووبێت بەپێی ماددەی چوارەمی ئەم رێنماییە.

**ماددەی(١٣):**

داتابەیسێکی تایبەت بە زانیاری ئەفسەران لە وەزارەتی ناوخۆ دروست دەکرێت و دۆسیەی ئەفسەرانی وەزارەتی ناوخۆ تێدا داخل دەکرێت .

**ماددەی(١٤):**

١- کار بە هیچ رێنمایی و بەیان و فەرمان و نوسراوێك ناکرێت دوای دەرچوونی ئەم رێنماییە.
٢- ئەم رێنماییە لە رۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**رێبەر أحمد**
**وەزیری ناوخۆ**